**خوێنەرانی بەڕێزی ماڵپەری ئاستافی؛ هەر وەک خویندوتانەوە و دەزانن بەدوای کونگرەی 12ی کۆمەڵە ئالوگوڕیک لە ڕیکخستنی ئەو حیزبە هاتووتە ئاراوە من وەک یەکیک لە هاوکارانی ماڵپەری ئاستافی سەبارەت بە ئاگاداری دەست بە کار کردنی کۆمیتەی ڕیکخستنی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، چەند پرسیاریک ئاراستەی کاک جەعفەر ئیلخانیزادە دەکەین وەک بەرپرسی ئەو کومیتەیە.**

**مستەفا موکریانی**
tarawga@hotmil.com



***

**مستەفا موکریانی؛ سەرەتا کاک جەعفەر سپاست دەکەم کە ئامادەگی خووتان دەربری بو ولام دانەوەی پرسیارەکانمان.**

**جەعفەر ئیلخانیزادە؛** منیش سپاستان دەکەم کە ئەوەدەرفەتەتان بۆمن ڕەخساندوە تابەهۆی ئێوەی بەڕێزەوەبتوانم لەگەڵ میوانانی سایتەکەتان بدویم.

**مستەفا موکریانی؛ کاک جەعفەر دەکری بە کورتی پیمان بلیی دوای کونگرە 12ئەرکەکانی داهاتووتان چوون دەبێ و داتانناوە چی بکەن؟**

**جەعفەر ئیلخانیزادە؛** لەولامی ئەم پرسیارەتاندا دەبێ بڵێم ک دوای کۆنگرەی12ەوە بەداخەوە زۆری پێ نەچو کە ڕەوتی کەمینەی ناو کۆمەڵەڕێگای جیابونە و ئێنشیعابیان لەکۆمەڵە هەڵبژارد و بێگومان ئەم حەرەکەتە نامەسئولانەیەی ئەوان ئاسەواری خراپ لەسەرکۆمەڵە و بزۆتنەوەی حەقخوازانەی کوردستاندا دادەنێ کە قەرەبوکردنەوەیان کاری چڕ وپڕی لەهەمو بوارەکاندا پێویستە.

سڕینەوە و ساڕێژکردنەوەی ئاوابرینێک کە کەمینەی پێشوی ناوکۆمەڵە لە جەستەی تازەساڕێژبۆوەی کۆمەڵەیان دائەوپەڕی لەخۆبوردویی وماندوبونی لەهەموهاوڕییانی کۆمەڵە لە هەموشوێنەکانی هەڵسوران،گەرەکە، بۆیە ئەگەربێمەوە سەر پرسیارەکە دەبێ عەرزتان بکەم کە یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی کۆمەڵە بەگشتی و ئێمە وەک ڕێکخراوی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات بە هەمو کادر و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کۆمەڵەوە ئەوەیە کە،دەبێ بەچڕی کار بۆ ساڕێژکردنەوەی ئەم برینە بکەین.

هەڵس و کەوتی نامەسئولانە و دژ بە هەموئوسوڵ و پرینسیپەکانی تا ئیستای کۆمەڵە لە لایەن کەمینەی پێشوی ناوکۆمەڵەوە،بێ حورمەتی کردن بە کەسایەتیەکانی ناوکۆمەڵە و درۆوبوختان هەڵبەستنی ڕۆژانەیان بۆهەرکەسێک کەلایان وابوە بەربەستێکەلەڕێگەیاندا،هێنان و باوکردنی

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

فەرهەنگی جنێو وبوختان و درۆ و دەلەسە، تێکۆشان بۆ دڵسارد کردنەوە و پەشیمانکردنەوەی کەسانی ناو کۆمەڵە لە ڕابوردویان و لە کۆمەڵەبونیان و لیستەیەکی درێژی تر لەم چەشنە کەناوی چاکسازیان لێناوە، نیشاندەری ئەوەیە کە کۆمەڵە بۆقەرەبوکردنەوەی ئەم خەسارانەی کە وەجەستەی کەوتوە، کارێکی سەخت و دژواری لەبەرە،و هەربەم پێیە ئێمە وەک ڕێکخراوی کۆمەڵە لە دەروەی وڵات، ئەرکەکانی داهاتومان داڕشتۆتەوە.

هەروەک هەموان ئاگادارن لە ماوەی یەک دو ساڵی ڕابوردو دا هەڵس و کەوتی کەمینەی ناو کۆمەڵە هەرچی دەهات ئاسەواری حیزبیەت وکار بە شێوەی حیزبی زۆرکەمڕەنگ کردبۆوە، یەکێک لە ئەرکە هەرەسەرەکیەکانمان دەبێتە دامەزراندنەوەی سیستەمی کاری حیزبی و چونەوە سەر بنەماشۆڕشگێڕانەوهەمیشەییەکانی کۆمەڵە.

دیاردەیەکی تر کە ڕاستەوخۆلەم وەزعەوە کە کەمینەی پێشوی ناوکۆمەڵە پێکیان هێنابو، سەرچاوەی گرتبو، شل بونەوەی کاری ڕوتینی ڕوبەدەرەوەمان بو لە هەموبوارەکان دا،( هەرچەند کە هەرلەهەوەڵیشەوە، سەرەڕای تەلاشی زۆری کەمینە بۆ ڕاگرتنی کارەکان، بە هەوڵ و هیممەتی هاوڕێیان و ئەندامانی کۆمەڵە ئەم کارانە کەم تاکورتێک بەڕێوە دەچون)، دەوری داهاتو دەبێ شاهیدی زیندوبونەوەی کارمان لە عەرسەکانی دیپلۆماسی نێونەتەوەیی، بوژانەوەی پێوەندی نێوان کۆمەڵە و حیزبەکردستانیەکانی هەموپارچەکانی کوردستان، وەئەستوگرتنی دەورونەقشێکی زۆرتر لە پێوەندی گرتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دیمۆکرات وچەپ و ئازادیخوازی ئێرانی لەپێناو تەئسیرداناني هەرچی زیاتر لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکانی داهاتوی ئێران بە مەبەستی دابینکردنی ڕێگاچارەیەکی دێمۆکراتیک و عادڵانە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە بن دەستەکانی ناو ئێران و لەوانە ولەسەروەی هەموان کێشەی کورد و هەروەهاهەوڵ بۆ دابینکردنی ئێرانێکی ئازاد و فیدڕاڵ ودابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، و هتد.

ئەم کارانە و دەیان و بگرە سەدان کاری تری لەم چەشنانە کەکەوتونەسەرعەرز،هەڵگرتنەوەیان وگەیاندنیان بە مەقسەد، بەشێکن لەم ئەرکەقورسەی ئەم دەورەیە لە هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبیمان.

**مستەفا موکریانی؛ تا پیش کونگرەی 12، کۆمەڵە یک کەسی دیاری کردبو وەک بر پرسی دەرەوەی وڵات، بەلام کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دوای کونگرە 12 لە یەکەمین پلونومی خووی دا بڕیار دەدات کە کۆمیتەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات بەڕێوە بەرێت،دەکری هۆی ئەم ئاڵ و گۆڕەمان بۆباس بکەی؟**

**جەعفەر ئیلخانیزادە؛** هەروەک ئیشارەم پێکرد کاری ئەم دەورەیەمان کارێکی چڕ وپڕو سەختە و کاری تاکە کەس یان خۆ کۆمیتەیەکیش بەتەنیا نیە، تاحیزب ڕەوالی عادی خۆی هەبێت ئەرکەکانیش ڕوتینترن و بەڕێوەبردنیان کاری کەمتری دەوی ، بەلام کە ئەرک و وەزایف زۆربۆن ئیتر تاکەکەس باشاری ناکا، بۆیە ڕیبەرایەتی کۆمەڵە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە زۆر و مێژوییانە پێی باش بو ڕێکخراوی کۆمەڵە لەدەرەوەی وولات

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

به شێوەی کۆمیتە سازمان بدات، لە لایەکی ترەوە کار بەشێوەی کۆمیتە لەدەرەوەی وڵات شتێکی تازە نیە وهەم لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەدا هاتوە و هەم هەر لەهەوەڵین کۆنفرانسی ئەندامانی ڕێکخراوی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات لە مانگی 12 سالی 2005 دا، ئاییننامەیەک پەسندکرا کە تێییدا جەخت لەسەر کاربەشێوەی کۆمیتە کراوەتەوە، بەڵام ڕێکخراوی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات بەهۆی تایبەتمەندی خۆیەوە و بە پێی پەیڕەوەی ناوخۆ،ڕاستەوخۆ لە ژێرچاوەدێری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دایە، بۆیە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەلەبەرچاو گرتنی ئەم وەزعە وای بەباش زانی کە کۆمیتەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لەدەرەوەی وڵات پێک بهێنێ.

پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێم کە کاری حیزبیمان هەروەک باسم کرد زەربەی دیوە بەڵام نەخەوتوە، تەواوی کۆمیتەی ڕێکخراوی مەڵبەند و شار و وڵاتەکان هەروەک خۆیان ماون و جیا لەوەی کە لە یەک دو شوێن ڕێژەیەکی زۆرکەم لە ئەندامانی کۆمیتەکان، کۆمەڵەیان بەجێ هێشتوە، لەباقی شوێنەکان کۆمیتەکان دەستیان بە کاری ڕوتین و ئاسایی خۆیان کردۆتەوە وبەگەرمە خەریکی سڕینەوەی ئاسەواری ئەم زامانەن کەبەناحەق لەلایەن کەمینەی پێشوی ناو کۆمەڵەوەلەجەستەی کۆمەڵە دران.

**مستەفا موکریانی؛ چ چاوەڕوانیکتان هەیە لە کومەلانی خەڵک بەگشتی و لاینگران کۆمەڵە بە تایبەتی؟**

**جەعفەر ئیلخانیزادە؛** لەوڵامی پرسیارەکەت دا دەبێ بڵێم کە چاوەڕوانیم لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە و بە گشتی خەڵکانی ئازادیخواز وعەداڵەت پەروەر ئەوەیە کە وەک هەمیشە کۆمەڵەی خۆیان بگرنەوەباوەش و ئەم بێ ئوسولی وبێ پرینسیپی و لادانانە لە بنەماشۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە، کە کەمینەی پێشوی ناوکۆمەڵە بە ناوی کۆمەڵەوە ئەنجامیان دا، نابێ کەمترین کاریان تێدابکات و دەبێ شانبەشانی هاوڕێیانی سالیانی درێژی ڕێی خەبات و تێکۆشانیان، بۆ دامەزراندنەوە و گەڕانەوەی خسڵەتە شۆڕشگێڕانەکانی ناو کۆمەڵە هەوڵ بدەن، داواشم لەهەموکادر و ئەندامانی کۆمەڵە لەدەروەی وڵات ئەوەیە کە لەم ڕێگایە دا ئۆلگو ونمونەیەکی باش بن لە سەداقەت و سەراحەت وڕێزدانان بۆ بەها وپرینسیپەئینسانیە لەمێژینەکانی کۆمەڵە کە دەستکردی زەحمەت وکوێرەوەری هەزاران کادر وئەندام و پێشمەرگەی گیانبەختکردوی کۆمەڵە، بنەماڵەی گیانبەختکردوان و هەموبنەماڵەی کۆمەڵە و و بەگشتی هەمۆخەڵکی خەباتگێڕی کوردستانە.

هەروەهاچاوەڕوانیم لەهەمو دۆستان ولایەنگران وکادر وئەندامانی کۆمەڵە بەتایبەت لەدەرەوەی وڵات ئەوەیە کە لەوڵام دانەوە بە تەوهین و بێحورمەتی ودرۆوبوختان وشایعە و قسەوقسەڵۆکی بێ بنەما، خۆ بپارێزن و وەک هەمیشە فەرهەنگ و کولتوریکی ڕوناکبیرانە وکۆمەڵەیانە و ئینسانی لە خۆیان نیشان بدەن و نەکەونەداوی ئەم بێ ئوسولی و بێپرینسیپیانەوە کە تەنیا زەرەری کۆمەڵە و بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی پێشکەوتنخوازی کوردستانی لێدەکەوێتەوە.

هەروەها داواشم لەسایتە ئینتەرنێتیەکان و بەتایبەت ئەوسایتانەی کە مەبەستیان بڵاوکردنەوەی بیروڕای دیمۆکراتیک وئازادیخوازانە وپەرەپێدان بەڕۆژنامەگەری مۆدێرن و ئەمڕۆییە، ئەوەیە کە لە بڵاوکردنەوەی

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

نوسراوەی لەباری سیاسی و کۆمەلآیەتیەوە نزم و بێ ناوەرۆک لەدژ یان خۆ بەقازانجی هەر حیزب یان کەسایەتیەک بێت، خۆ بپارێزن .

**مستەفا موکریانی؛ تکایە پیمان بلین خەلکانیک کە خوازیار پیوەندی لە گەل کۆمەڵەن لە چ ریگایکەوە دەتووانن پیوەندی بگرن؟**

**جەعفەر ئیلخانیزادە؛** بۆپێوەندی کردن بەکۆمەڵەوە ڕێگازۆرن ولەوانە:

بۆپێوەندی کردن بە ڕیبەرایەتی کۆمەڵەوە هەرکەس دەتوانێ لە ڕێگای ئادرێسی ئی مایلی ئەم هاوڕێیانەوە کە لە سەرسایتی www.komala.org دەتوانن بیدۆزنەوە، پێوەندیان پێوەبکەن.

لەگەڵ کۆمیتەی ڕیکخراوی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات دەتوانن بەم ئادرێسی ئی مایلەوە komala.xarij@komala.org پێوەندی بکەن و هەروەها ژومارەتەلەفون و فاکسیش دەتوانن لەسەرسایتی کۆمەڵە بدۆزنەوە.

بۆپێوەندی کردن بە کۆمیتەی مەڵبەندەکان و کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە وڵاتەکانیشەوە دەتوانن هەر لە سایتی کۆمەڵە کەڵک وەرگرن. و داواشم لە هەمو کۆمیتەی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵات ئەوەیە کە لە زۆترین کاتدا ریگای پێوەندی کردن بەخۆیانەوە ئەگەر ئالوگۆڕی تێداپێکهاتوە، بە ئاگاداری هەموان ڕابگەیێنن.

هەروەها پێویستە عەرزتان بکەم کە لە ڕێگای سایتی کۆمەڵەوە و بەهۆی بەرپرسی ئەم ماڵپەڕەوە دەتوانن لەگەڵ شوێنەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە پێوەندی بگرن.

**مستەفا موکریانی؛ جاریکیتر سپاستان دەکەم و ئارەزوی سەرکەوتنتان بو دەکەم.**

**جەعفەر ئیلخانیزادە؛** منیش بە بەشی خۆم سوپاسی ماندو بوون و زەحمەتەکانتان دەکەم و هەروەها پێزانینی خۆم بۆئەم دەرفەتەی پێتان دام ڕادەگەیێنم و ئاواتی سەرکەوتنتان لە پێشچونی ئەرکەکانتان دا بۆدەخوازم.

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de